**لە ڕۆژی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا**

عەلی مەحمود محەمەد



٣٠ نۆڤەمبەر لەم ڕۆژەی کە یادی هەموو قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە جیهان دەکەینەوە، ڕێز و نەوازش بۆ ئەو کەسانە دادەنێین کە کوژراون یان بریندار بوون بەهۆی ئەو چەکە ترسناکەوە، هەوڵ دەدەین کۆتایی بەم چەکە ترسناکە بهێنین لە بەرهەم هێنان, داهێنان, گواستنەوە, بەکارهێنان, هەڵگرتن.
ساڵانی ڕابردوو وەك مرۆڤایەتی دەستکەوتی گرنگمان بەدەستهێنا بە لەناوبردنی دوایین چەکی کیمیایی لەو کۆگایانەی کە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە کە بەشێکن لە ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی.
بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی زانست و تەکنەلۆژیادا، بەتایبەت زیرەکی دەستکرد مەترسییەکان هێشتا گەورەن.
کۆمەڵگەی جیهانی دەبێت بە یەك دەنگ پابەند بوون بە ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی دووپات بکاتەوە، کۆتایی بە بێ سزایی بهێنێت بۆ دروستکردن و بەکارهێنان و ..... و بەڵێنی پەیمانی داهاتوو بۆ جیهانێکی دوور لەم چەکانە جێبەجێ بکات.
کۆنفرانسی دەوڵەتانی ئەندام لە کۆنفرانسی چەکی کیمیایی کە ڕێکخراوی OPCW ساڵانە ئەنجامی دەدات بەناوی CSP، لە CSP-20 دا بڕیاریدا کە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکدا یان لە کاتی گونجاودا ڕۆژی یادکردنەوە بۆ هەموو قوربانیانی چەکی کیمیایی بەڕێوە بچێت.
ئەم یادکردنەوە دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی چەکی کیمیایی، هەروەها دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی (OPCW) بە نەهێشتنی مەترسییەکانی چەکی کیمیاییە لە جیهاندا, کە ئێستا ١٩٤ وڵات پەیوەست بووە بە ڕێکەوتننامەکەوە.
مێژووی هەوڵە جدییەکان بۆ بەدیهێنانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کە بە ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی گەیشتە لوتکە، زیاتر لە سەدەیەك لەمەوبەر دەستیپێکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنرا و لە ئەنجامدا زیاتر لە ١٠٠ هەزار کوژراو و ملیۆنێك قوربانی لێکەوتەوە.
بەڵام لە جەنگی جیهانی دووەمدا چەکی کیمیایی لە گۆڕەپانی شەڕدا لە ئەورووپا بەکارنەهێنرا..
ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی لە ساڵی ١٩٩٣ پەسەندکرا و لە ٢٩ی نیسانی ١٩٩٧ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕیاردرا، "لە پێناو هەموو مرۆڤایەتیدا، ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە تەواوی نەهێڵرێت."
دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوییان دامەزراند, کە هەنووکە ١٩٤ وڵات ئەندامە تیایدا, بە سوریاوە, کە هەنگاو دەنێت بێتە ناو ڕێکەوتننامەکەوە.

هەروەها دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە ململانیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی وەك تاوانی جەنگ ناساند.
گەلی کورد لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەکی کیمیاوی دژی بەکار دەهێنرێت, لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بەکارهێنانی ئەم چەکە لە دژی دەیان هەزار کوژراو سەدان هەزار برینداری لێکەوتەوە, لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٥٠ جار چەکی کیمیاوی لە دژی بەکار هاتووە , شاری سەردەشت بووە یەکەم شار لە جیهان چەکی کیمیاوی تیایدا دژی خەڵکە سڤیلەکەی بەکار هات, وە شاری هەڵەبجەش بووە یەکەم شار لە جیهان کە زۆرترین قوربانی سڤیلی بە چەکی کیاوی هەبێت.
ئێمە کە قوربانی یەکەمی چەکی کیمیاوی بین لە ١٠٠ ساڵی رابردووە, بەهەمان شێوە دەبێت یەکەم دوژمنی چەکی کیمیاویش بین لە جیهاندا.
لەم رۆژەدا قوربانیانی چەکی کیمیاوی بە بیر دەهێنرێنەوە, هەوڵدەدرێت هەڵەبجە و سەردەشتەکان دووبارە نەبنەوە, رێز لەو هەوڵانە بگرێت بوونە هۆی بنە بڕکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهان کە رۆژی دامەزراندنی رێکخراوی OPCW ە.

٢٠٢٥-١١-٣٠

رێکخراوەکان:
-رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید- kwg
-تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc
-تۆڕی ئایکان کوردستان – IKN
-رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان – OAWMD
-رێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری – OJC
-رێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی-www
-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
-گۆڤاری تۆبزاوە
-رۆژنامەی نگرە سەلمان
- رێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
-کوردۆساید ۆچ-چاك کوردستان

009647503714620